# لەم سەر گەردانیەدا, گەنج بەدوای لانەیەکی ئارامدا ویڵە!

**لەپەراوێزی ئەو گەنجانەی لە هەولێر دەبنە مەسیحی**

**بەشدار عەلی**
bashdar_net@yaoo.com

لەم دوو سێ مانگەی دواییدا, زیاتر لە 700 کەس لە هەولێر کە زۆربەیان گەنج و لاون چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی بەشێوەیەکی رەسمی, واتە وازیان لە ئیسلام هێناوەو لەم هەفتەیەشدا کۆنفراسی (مەسیحە کورد زمانەکان) لەلایەن قەشەکانی هەولێرو نوێنەری حکومەتی هەرێم بەرێوەچوو. لەگەڵ چەند کەسێك لەم لاوانە گفتوگۆم کردو خۆشبەختی و ئومێدێك لە چاویاندا بەدی دەکرا و هیوایان دەخواست کە بە مەسیحی بوونیان کەمێك لە ژیانی گەنجانەی خۆیان وەکو سەرجەم گەنجانی دنیا نزیك ببنەوە. لێرەدا من تەرکیز دەکەمە چەند خاڵێك, ئەم قەشانە بۆچی ئەم گرنگیە زۆرە بەم لاوانە دەدەن و تەنانەت مووچەی مانگانەشیان پێدەدەن و کەنیسەی سەربەخۆیان بۆ دروست دەکەن؟ ئایا بەراستی مەسیح بوون بەمانای رزگاری یەکجارەکیەیە!؟ ئایا ئەم وەزعیەتە چییە کە لاوان ناچار دەکات پەنا بۆ هەموو لاکانی خۆی بەری؟ سەرەتا دەمەوێت بڵێم هەموو دین و مەزهەبەکان خزمەت بەچینە دەسەڵاتدارەکان دەکەن و ماشەی دەستی دەسەڵاتدارانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و هەردوولا تەواوکەری یەکترن کار لەسەر کۆیلەو ژێر دەستەی و یەخسیرکردنی تاکەکان دەکەن تاوەکو (بەنج) بیانگرێت و ئیتر واز لە مافەکانی خۆیان بهێنن و ئەو دنیایە بۆ دنیایەکی تر بسپێرن و ئەوکاتی مافەکانی خۆیان وەرگرن لەمەشیاندا بۆ رژوازی سوود وەردەگری, ئیتر جیاوازیەکی قووڵ و بنەرەتی لەنێوان دینەکاندا هەستی پێناکرێت هەموویان خەریکی جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەن و دەسەڵاتدارانیش پشتگیریان دەکەن. دوای گوێگرتنم لەم گەنجانە کە باسیان لە مەسیح بوون و دوا رۆژی خۆیان دەکرد, رۆمانەکەی (گێلە پیاو)ی عەزیز نەسینم بیرکەوتەوە کە کەسایەتیەك بەناوی ( گێلە پیاو) دوای بەدبەختی و رۆژانێکی سەختی تەمەن, دوای زیندانی و لێدان و دەربەدەرکردن لە مەملەکەتی خۆی رێی دەکەوێتە گوندێك و لەسەر گۆمێك ئاو دەخواتەوە ئیتر کە خەڵکەکە پرسیاری لێدەکەن نایەوێ وەڵام بداتەوەو خەڵکیش وا دەزانن بێگانەیەو زمان نازانێ و لەناو (کافرەکان) هاتووەو لەسەر ئەم گۆمە دەست نوێژ هەڵدەگرێ دەیەوێت ببێت بە موسلمان........ ئیتر (گێلە پیاو)ویش ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوەو لە ئەنجامدا لە گوندەکە هەموو کارێکی بۆ رێکدەخەن و پێداویستیەکانی ژیانی بەزیادەوە بۆ پردەکەنەوەو کچێکی لێ مارە دەکەن وەمەلای گوندیش هەر خەریکی کەلوپەل و پارە کۆکردنەوە بۆی, لە کاتێکدا سەدان خێزان و منداڵ لەهەمان گوند لە برساندا شەو خەویان لێناکەوێت........
کەواتە ئێستا ماهیەت و ناوەرۆکی دینەکانمان بۆ ئاشکرادەبێت, دیارە قەشەکان دەست فرۆشە منداڵەکانی سەر شۆستەو بازارەکان نابینێ تا لە هەولی باشکردنی ژیانیان بێت بەبێ مەرج!؟ ئەو هەزاران کورو کچە لاوە نابینێ لەبەر بێ پارەیی و خانووی نیشتەجێ بوون ناتوانن ژیانی هاوسەری پێك بهێنن ؟ خۆی لە خۆیدا پەنابردن بۆ دین و مەزهەبەکان لە ناچاریەوەیە, ئەگەر ئینسانەکان برسی نەبن, تینوو نەبن, دەستیان بەخۆش و نازو نیعمەتەکانی ژیانی ئینسانیەوە بگات ئیتر پەنا نابەنە بەر دین و مەزهەب بە پێویستی نازانن قسەیەکی لەمبارەوە بکەن. بەخوێندنەوەیەکی وەزعیەت و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و لاوان بەتایبەت بۆمان کارێکی ئاسایی دەبێت کە رۆژانە لاوەکان و گەنجەکان خەریکی گۆرینی ناسنامەی ساختە بن. چونکە لاوان ئەمرۆ لە کورستان لەنێو سەرگەردانی و بێ چارەنووسێکی سەختدا خەریکی ژیان کردنن, خەریکی تووشی هستریاو شۆك دەبن بەرامبەر بەم یاساو دەستوورانەی کە ژیان دەکات بە جەهەنەمێك و

تروسکایەکی ڕووناکی تێدا ناهێڵێتەوە کە لەگەڵ تەواوی خەون و خولیاکانی ئەو ماف و ئازادییەکانی پێچەوانەیەو لە دژی ئەوەستێ, لاوان و گەنجان دەبینن گروپ و تاقمە ئیسلامیەکان ڕۆژانە چۆن سەری چەندین مرۆڤ لە لەشیان جیادەکەنەوە, مرۆڤ دەکەنە بۆمب و لەنێو هەزاران مرۆڤ دەیتەقێنەوە, هەمیشە لە هەوڵدان بۆ زاڵکردنی داب و نەریتی کۆنەپەرست و دواکەوتوو بەسەر سەری خەڵکەوە, دەبینین ئیسلامیەکان چۆن ڕۆژانە لەگەڵ بۆرژوازی قازانج و بەرژەوەندیەکانیان دەبەنە پێشەوەو هەمیشە لە هەوڵی برسی کردنی خەڵکدان. لەناچاریدا کە دەلاقەیەك نەماوەتەوە بۆ هەناسەدان ئیتر پەنا بردن بۆ مەسیحی بوون و ڕۆژ پەرستن و گاپەرستن دەبێتە دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەم نا ئارامی و سەرگەردانیەی کە پێشتر گیرۆدەی بوون نەك ڕێگای خۆشبەختی و ڕزگاری. کێشەکانی لاوان زۆرن, کێشەکانیان کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیە. بۆیە ئێستا دوایی هەوڵدانیان و بێ سەمەر مانەوەیان بە کۆمەڵ یاخی دەبن و دەبن و نامۆیی سەرتاپای ژیانیان دادەپۆشێ. هەندێکیان خەریکی مادەی بێ هۆشکەرن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئالودەبووانی مادەی بێهۆشکەر ڕوو لە زیادبوونە, کۆمەڵێکی زۆری تریش لە ڕێگایەك دەگەڕێن بۆ گەیشتن بە وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕزگاربوون لەم مەملەکەتە, بێجگە لەوانەی یاخین و هەمیشە لەسەنگەردان دژی حزبەکان و دەسەڵاتەکانیان, چونکە لە ژیانی 15 ساڵی ڕابردووی ئەوان دەسەڵات و حزب بریتی بوو لەشەڕی ناوخۆ, دزی و ڕاووڕووت و تاڵانی, برسی کردن و سەرکوتکردن, سات وسەوداکردن بە نزیك بوونەوە لێی تاوانێکە! تەنها پیاسەیەکی نێو گازینۆو چایخانە و سەنتەرەکانی ئەنتەرنێت و شۆستەو کۆڵانەکان ئەم ڕاستیە بە ئاشکرا درك پێ دەکەین. لەلایەکی ترەوە بەشێکی تری منداڵە دەوڵەمەندو بەرپرسەکان بەدوا مۆدێلی سەیارە خەریکی پۆزلێدانن و لە ڤێلاکاندا ڕۆژ دەکەنەوەو دەستیان بە هەموو وەسائیلەکانی خۆشگوزەرانی و زانستی سەردەم ڕادەگات, ئیتر ئەویش هێزی تیا نامێنێ و بەرەو دەروازەیەکی ڕزگاربووندا دەگەڕێ. بڕواتان هەبێت زۆربەی لاوانی کچ و کوڕی هەولێر گیرۆدەن بە دەستی ئەوەی کە جێژوانێك شك نابەن دوور لە کامێراکانی چاودێری کە ڕازونیازەکانی یەکتری تیادا بگۆڕنەوە, بچوکترین پرۆژەکانی هەزارویەك کۆسپ و ڕێگری جۆراوجۆر لە پێشیدا قووت دەبنەوەو هەرەسی پێدەهێنن. ئیتر بەو پێیەی کە ئاینی مەسیحی کەمێك نەرمیەکی لەرووکەشدا پێوە دیارە لەچاو ئاینی ئیسلامدا, بەهۆی گەڕان بەدوای ڕێگایەك بۆ مارەسەکردنی ئاوات و ئارەزووە بەهاریەکانی لاوان و دەرچوون لەم سەرگەردانی و بێ ئۆقرەیەدا, ئەم گەنجانەش بۆ دەرچوون لەم وەزعیەتە پەنایان بۆ مەسیح بردووە! بەڵام ئەمە زیاتر کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە, ئەم دابەشبوونە لاوان زیاتر لە ماف و ئازادیی و خەون و خولیاکانیان دووردەخاتەوە و دایان دەبڕێنێت. بەڵکو پێویستە بەیەك هەناسەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم ناسنامە ساختانەی مرۆڤدا دەوری ڕێکخراوێکی سەربەخۆی (گەنجانەو لاوانە) بەمانایی وشە, خۆمان ڕێکخراوو یەکگرتوو بکەین, چونکە ئەم جۆرە دابەشبوونە خۆی لە خۆیدا سەرگەردانیەکی ترەو هێزو ووزەکانمان کەمتر دەکاتەوە. پێویستە هەر لە ئێستاوە هەموو ئەو سنوورە دەستکردانە بشکێنین و لە دەوری یەکتر کۆببینەوە, تەنها ئەمەش زامنی مسۆگەرکردنی لانەو هێلانەیەکی پڕ لە ئارامی و خۆشگوزەرانیە.